# تورکیای هاوسێ و (وەفیق)ی هاوڕێ

حەمەسەعید حەسەن

ئەڵمانیا و فەرەنسا کە هەنووکە دژی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق هەڵوێست دەنوێنن، لە مرۆڤدۆستییانەوە نییە، ئاخر ئەو گازە ژاراوییانەی هەڵەبجەیان خنکاند لە ئەڵمانیاوە هاتبوون و ئەو فڕۆکانەی بۆمبی کیمیاوییان بەسەر هەڵەبجەدا باراند، میراجی فەرەنسایی بوون. ئەڵمانیا کە کەرەسە و تەکنیکی چێکردنی گازی ژاراوی بە عێراق دەفرۆشت، هیچ گومانی لەوە نەبوو کە بەعس نیازی قەلاچۆکردنی ئینسانی هەیە، نەک مێشوولە و ئەو نەخۆشییانەی دووچاری ڕووەک دەبن. فەرەنسا کە باڵافڕی میراجی بە عێراق دەفرۆشت، دڵنیا بوو لەوەی، بەعس نیازی قەلاچۆکردنی کوردی هەیە، نەک ئازادکردنی فەلەستین.

هەنری کیسنگەر بەهاری ١٩٧٥ دەستی کوردی لە بنەوە بڕییەوە، کێ دەڵێت کۆڵن پاوڵ کورد لە نێو قەدەوە نابڕێتەوە؟ ساویلکەن ئەوانەی پێیان وایە ئەمریکا دراوی سەخت و خوێنی سەربازی خۆی، بە قوربانی چەسپاندنی دیموکراتی لە عێراقدا دەکات. بەعس هێندە دڕندەیە، ڕێی تێ دەچێت هەر کە ئەمریکا پەلاماری عێراقی دا، بۆ وروژاندنی نارەزایی دنیا، بە چەکی کوشندە لە خەڵکی بندەستی خۆی بدات و بەسەر ئەمریکایدا بهێنێت. ئەرێ هانس بلیکس لە دووی چی وێڵە؟ چەکی کۆکوژ! کۆکۆژترین چەک، خودی سەددامە. ئەو سەددامەی فەرەنسا و ئەڵمانیا بازوویان بەهێز کرد و ئەمریکا لێ نەگەڕا بەهاری ١٩٩١ خەڵکی عێراق لە نێوی بەرن. ئەگەر بەعس یەک پارچە چەکی قورسیشی نەمێنێت، توانای قەلاچۆکردنی خەڵکی عێراقی دەمێنێت.

(ئێمە لەگەڵ تورکیای دراوسێدا، سەبارەت بە هەموو مەسەلە گرنگەکانی تایبەت بە داهاتووی عێراق هاوبیر و ڕاین و تورکیا بەڵێنی داوە لە هەموو بوارێکدا هاوکاریمان بکات.) ئەوانە گوتەی جەلال تاڵەبانین، کە دوای دانیشتنەکەی نێوان کورد و تورک لە سلوپی، دوو سێ هەفتە لەمەو بەر، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە سلێمانی فەرموو بوونی و (کوردستانی نوێ)ش دایبەزاندن، کەچی لە ناکاو تورکیا باس لە داگیرکردنی کوردستان و داماڵینی چەکی شانی کورد دەکات!

تورک هەرگیز نیازی خراپی خۆی نەشاردووەتەوە، ئەوە (ڕێبەرانی) کورد بوون، دەیانویست کڵاو لەسەری کورد بنێن و تورکیای وەک دۆست نیشان بدەن. جێی سەرنجە هەموو جارێک کە جەلال تاڵەبانی لە تورکیا دەگەڕایەوە، میدیای ینک دەیگوت: بەڕێز مام جەلال دوای گەشتێکی دیپلۆماسیی (سەرکەوتوو!) بۆ خاکی نیشتمان گەڕایەوە! کە گەشتە دیپلۆماسییەکان هەموویان سەرکەوتوو بوون، کە تورکیا هاوبیروڕای کورد بوو، ئەدی لەناکاو بۆچی هەموو شتێک گۆڕا؟ خەڵکی ساکار دۆست و دوژمنی خۆیان دەناسن، ئەگەر (ڕێبەرەکان) بە هەڵەیاندا نەبەن.

تورکیا هەمیشە هەر دراوسێیەکی ئێسکگرانی ئێمە دەبێت، بە ڕاست تا کەی ئێمە لەبەر ڕاگرتنی دڵی ئەو، هەر بە ژێردەستی بمێنینەوە! ئایا چاوەڕێ بکەین تا دەگوێزێتەوە، ئەوسا داوای مافی ڕەوای خۆمان بکەین! ئێمە جوگرافیامان هەڵنەبژاردووە، بەڵام دەتوانین مێژوویەکی گەش بنووسینەوە.

تورکیا ناهەقی نییە کە سووک سەرنجی کورد دەدات. ئەدی دوو پارتە (پێشڕەوەکەی) کوردی باشوور، پاییزی ١٩٩٢ بۆ قڕکردنی چەکدارانی پەکەکە، پێش لەشکری تورک نەکەوتن؟ ئەدی کە پەکەکە کەوتە

سەنگەری (ینک)ەوە، پدک لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆیدا، هانای بۆ لەشکری تورک نەبرد؟ ئەدی کە بارگرژی کەوتە نێوانی پدک و تورکیاوە، ینک لە دژی پدک باوەشی گەرمی بۆ بەرەی تورکمان، والا نەکرد؟ ئەدی ینک سالانێکە سەرقالی ئەوە نییە، تورکیا بە کرێی بگرێت؟ لە پووشی ڕابردووی پدک و ینک، هەر جۆرە هێلانەیەک چێ دەکرێت، کە تورکیا هەر کاتێک بخوازێت، دەتوانێت تێکی بدات. کورد لە سایەی ینک و پدکدا، با لە نسکۆ بترازێت، چاوەڕێی هیچی دیکە نەکات. ئەوی چاوی لە داهاتوویەکی گەش بڕیوە، با ئومێدی بەو دوو لایەنە نەمێنێت و بە بەڵێنیان فریو نەخوات.

سەرانی پدک و ینک دەیان ساڵە کورد لە تێکشکانێکەوە بەرەو یەکێکی دیکە دەبەن و کەچی هەرگیز ددانیان بە لێنەهاتوویی خۆیاندا نەناوە، هەمیشە پۆشاکی هەڵە و ناپاکییەکانیان بە سنگی هۆکاری دەرەکیدا هەڵواسیوە. هەر کە کورد بەرەو ڕووی کارەساتێک دەکەنەوە، هانا بۆ پاساوی هەبوونی پلانی پۆخڵی نیودەوڵەتی دەبەن. سالانێک هەر کە لەشکری تورکیا شکۆی باشووری کوردستانی پێشێل دەکرد، پدک و ینک ئۆباڵی دەستدرێژییەکانی تورکیایان دەخستە ئەستۆی لاسارییەکانی پەکەکە. ئاخۆ ئەوەش هەر تاوانی پەکەکەیە کە (میت) لە نێوان پدک و ینک دا ڕۆڵی ناوبژیوان وازی دەکات؟ ئەوەش گوناهی کوردی باکوورە کە دەسەلاتدارانی سلێمانی دەرگای ئامێزی دڵیان بۆ وەچەی گورگەبۆر دەخەنە سەر گازەرای پشت؟

سەرانی کورد نە پرسیان بە کەس کردووە و نە هانایان بۆ ڕاوێژی کەس بردووە، کەچی هەرچی هەڵدەستێت، دەیانداتە بەر ڕێژنەی ئامۆژگاری و پێشنیار. بە دەگمەن نووسەرێک ماوە، خۆی لەوان نەکردبێت بە ڕاوێژکار! تەنیا لەو بوارەدا بەزەییم بە سەرانی کورددا دێتەوە، کە کەسانێکی زۆر بە کاڵفامیان تێدەگەن و بەردەوام خەریکی ڕێ پێشاندانیانن. سەرانی کورد لە دووی بەرژەوەندی خۆیان وێڵن و بەو پەڕی هۆشیارییەوە، سیاسەتێک پێڕۆ دەکەن کە نەخشەیان بۆ کێشاوە. مایەی شانازیمە چونکە هەرگیز متمانەم بەو سەرەکحیزبانە نەبووە، هێشتا پێشنیارێکم ئاڕاستەیان نەکردووە. بەزەم بە ئاوەزی ئەوانەشدا دێتەوە، کەس نییە گوێیان بۆ شل بکات و کەچی دەست لە مۆچیاری بەخشینەوە هەڵناگرن.

کەرەسە و قوربانیانی (شۆڕشی نوێی گەلەکەمان) خەڵکانێکی چەپ بوون. دواتر ینک لایەنێکی هێندە (کوردستانی) لێ دەرچوو، خوێنی هەموو ئەوانەی حەلاڵ دەکرد، کە مۆری عێراچێتی پێوە دەنان؛ کەچی هەنووکە لە بواری عێراقیبووندا، شانی هیچ عەرەبێکی نەتەوەیی ناگاتە داوێنی تاڵەبانی. ینک و پدک لە کاتێکدا بانگەشە بۆ ڕووخاندنی دیکتاتۆری عێراق دەکەن، چارەنووسی کورد بە وەفیق سامەڕائی و میشعان جبووری دەسپێرن! بە ڕاست هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئەوانە و (قوسەی و عودەی)دا هەیە؟

تورکیا هەڕەشەمان لێ دەکات، عێراقیش هەرەوەها. ئەگەر شەڕ لە نێوان ئەمریکا و عێراقدا بقەومێت، دەشێت تورکیا کوردستان داگیر بکات. دەشێت عێراق کوردستان کاول و کورد قەلاچۆ بکات. سەرانی کورد لە ئێمە باشتر ئەم ڕاستییانە دەزانن و کەچی لە بری داکۆکی کردن لەو بستە خاکەی بن دەستمان و خەو بە ئازادکردنی کەرکووکەوە بینین، دێن دەبن بە دارشەقی بن هەنگڵی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق. ئەگەر کارەسات ڕوو بدات، ئۆپۆزیسیۆنی عێراق هیچی نییە تا لە کیسی بچێت، هەر لایە و ڕوو دەکاتەوە ئەو شوێنەی لێیەوە هاتووە. ئەوە تەنیا کوردە کە دیسان ماڵی کاول دەبێت و سەری تێدا دەچێت.

2003. 03. 01